کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-11-2007 1:05

## ناڵەی کپ کراوی هه ڕێمه کەی من! ... ڕێباز هەورامی لەندەن

هۆ گەلی برام هەڤدە ساڵە کۆترە کانی ئاشتیم لەشەقەی باڵیانداوە و بەسەر ئاسمانی د ە ڤەرە کەی مندا هەڵنافرن! هەڤدە ساڵە نەورە سەکانی خۆشە ویستی و تە بایی لێمان تۆراون ئاشت نابنەوە، هە ڤدە ساڵە پەپولەکانی سەربەستی و ئازادی لە دە ڤەرە کەی مندا هەڵهاتون و نایێنەوە!

هۆ گەلی برا لە و دە ڤەرەی من وشە جوانەکانی ژیان گۆڕاوە. سیما نورانیە کان تۆراون! مرۆڤە دڵپاکە کان گۆڕاون. لەو دە ڤەرەی مندا هەموو شتێ پێچە وانە بووە تەوە، سوری سروشتی تەبایی وپێکەوە ژیان ئاوە ژو بوە تەوە. ! هەرچی وشە جوانە کانی ڕاستی هەیە لە سەر دە ستی وشە تاریکو جەوتە کان لە گۆڕنراون. ئیدی ئاسمانی دە ڤەرە کەی من پەڵە هەورێکی ڕە ش و تاریک لە باڵای ڕووناکی ئێمە ئالاوە و لە کوڵی نا بێتەوە. شەم شەمە کوێرە کانی تاریکی لەو هە رێمەی مندا ڕە ش بەڵە کو سەما دە کەن! بۆ ساتێکیش بێ لێ ناگەڕێن پە پوو لە ڕۆح سوکە کانی جوانی چۆپی زە ماوە ندی ئەو بنارە گەر موو گوڕ کەن. هۆ گەلی برام هە ڤدە ساڵە گەلە گورگێک کەو توە تە ناو مەڕکانمان هێدی هێدی تاك تاکو کۆ بە کۆ قو تیان ئەدە ن! کە سێک نیە فریاد ڕە سی کارێزمی بێ و مەڕە کانمان لە کوڵی گورگە برسیە چاو جنۆکە کانی مێژوو ڕزگار بکات. ئیدی هەموو ڕە نگێ هەموو تامێ هەموو دە نگێ هەموو سۆزێ هەموو عەشکێکی پاك گۆڕاوە سەداو سیمای جارانی نە ما وە! ئێستە هەورامانی عەشقو جوانی بێزارە لە مەعریفەت لە زانستی، بێزارە لە زنجیرە چیاکانی مانەوە و بەر خۆدان، بێزارە لە ڕە زوو لە کانی و لە دار گوێزە کانی،

ئێستە هەڵەبجەی ڕە مزی خۆ بە خشین، ڕە مزی کەوتن و هەڵسانە وە، ڕە مزی سەداو منارە و بانگەواز، ڕە مزی خەبات و شۆڕش و کۆڵنەدان، هاوار دە کات وە رن پێنج هەزار ڕە مزی قورس و گرانم لە کۆڵ بکە نەوە ماندو بوو مە لە بە ڵێنی درۆ و عەهدی گەورە گەورە، پێمان دە ڵێ پە شیمانم بومە سەبەب بۆ شێواندنی مێژووی وڵاتێک. گە رمیانم ماندو شەکەت، گەرمیانی ڕۆژانی ڕق و تۆڵ بروسک ئاسا، هێدی هێدی شەرم لە هە موو ڕابر دوێکی قارە مانی خۆیان ئە کات وا خەریکە پەنجەی پەشیمانی خۆی ئەگەزێ! هاوار ئەکا چیتان بۆ گەرمە سێرو ژن و منداڵ و پیاوانی زیندە بە چاڵە کانی دە شتی عەر عەر کرد.

سلیمانی شاری هەڵمە توو قوربانی گۆڵانەکانی شۆستەکانی شاری بێزار بوون و هاوار د ە کەن، کوا ویژدانی من ڕێی بە کەس داوە نە لە ڕابردوو نە لە ئایندە شدا نەفس نزم خۆفرۆش یاری بە چارە نوسی ئایندەم بکەن. کەرکوکی بڵێسەو ئاگر، گڕوگڵپە هاوارئە کات توانام نەما خۆڕاگربم، سەبرم نەما ئارام گربم بێ لا بە لا پێتان دە ڵێ بەسە خیانەت بە سە من فرۆشتن، بە سە جاوبەستی نیشتمانم لە هە موو ڕێکەوتنو و تە سلیم بوو نێک.

هە ولێری قەڵاو منار، هەولێری پیرە شاری مێژووم پێمان دە ڵێ توانام نەما بینایم لاواز بوو هێندە م پەڕە گرافی خیانەت بینی لە باڵە خانە بەرزو جوانە کانی شارمدا ئیمزا کرا. ئیدی لێنا گەڕێم بێچوە کانی ئایندەم بتان بە خشن، پێیان دەڵێم باڵە خانە قەشەنگە کانی شاریشم بڕوخێنن ئەمجا پێنوو سەکانیش بشکێنن پەڕە گرافە کانی خیانەتیش بدڕێنن.

ئە وە تا زاخۆی دەلالو ڕە نگین پێمان دە ڵێ بێزارم لە یەك ڕە نگی و لە یەك دە نگ و لە یەك ئاوازی و لە یەك جۆری سەماکردن، چاوە ڕوانم ڕۆژانێک بێت گشت ڕە نگەکان هەموو دەنگەکان هەموو ئاوازە کان تێکڕا جۆری سەماکان لە شۆستە و شە قامەکانی شارمدا گشت پێکەوە سەما بکەن.

هۆ گەلی برام کورد واتەنی [جام کە پڕ بوو لێی دە ڕژێ ] ئیدی گەر پە شیمان نە بینەوە مێژووی نە تە وە پێمان دە ڵێت نە فرەت لە بیرتان لە مێژوو تان لە دوێنێ و لە دا هاتوشتان!!!!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.